# بەیانی زوو ئەحمەد دەشتی

بەیانی زوو لە خەو هەستام
ئاسـۆی بەرزی دوورم ڕوانی
لە ئاســـمانم زام بـــارین و
جەسـتەم تەڕی ئازاران بوو
هەرچەندم‌کرد نەحەسامەوەو
دڵم پڕ بوو لە کڕێوەی خـەم
گریەو شـینم بوونە بەش و
دەرگای شـــادیم لێ داخرا
بەیانی زوو لە خەو هەسـتام
هەمـــوو برینم ژیـــانەوە
لە ناو کێڵگەی قەتـــماغەدا
هەرچی کوان بوون کولانەوە
خۆم‌دایەدەست شنەی‌بەیان
تاهەلگـــرێ دڵی کـــوڵم
بمباتەوە شـــــوێنی ژوان
ئەویش داخی توندتر کـردم
بەرەو ڕێگەی دووری بـــردم
خەم و زامی دوێنێ وئەمڕۆی
بە ناو دڵ و هەست وەرکردم
بەیانی زوو لە خەو هەسـتام
خۆم دایە دەسـت هیـواکانم

بەورەی بەرزی شادی ژیان
ڕەواندیەوە خەمەکانم
دڵم لەوێ کەمێ شاد بوو
لە سەر دۆندو ترۆپکەکان
ئارەزووی دڵ دەردەکەوتن
گەشبینیان لە دڵم دەڕواند
دەڕۆیشتمەوەسەرلوتکەکان
لەوێ دەمدی ئارامی دڵ
لەو باڵایە و لەو بەرزاییە
هەست وبیرم دەحەسایەوەو
قۆناغی ژین دەردەکەوتن
ئاهی سەردو گولخەنی خەم
لەو گوڵشەنەم دەبڕایەوە و
ڕاستە دەڵێن لەسەرساران
ئارامی ژین بە سەربەرزی
خۆی دەنوێنێ و دەردەکەوێ

- بەهای 1995 بە یادی ئازارەکان



- وێنە لە چەپ:مام وسودزەیی _بارزان مەلا خالید_ موقەدەم عەزیز عەقراوی مومین دەشتی _ئەحمەد دەشتی _ڕاژان 1981